# بەیاننامەی کەمپینی پشتیوانی قەندیل

## بۆ/ رای گشتی

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان، لە کاتێکدا کە لەشکری داگیرکەری (تورکیا و ئێران) رۆژانە لە هەوڵی بەزاندنی زەوی و ئاسمانی کوردستاندان، کەمپینی پشتیوانی قەندیل بە زنجیرەیەك چالاکی مەدەنی هەوڵی پوچەڵکردنەوەی هێرشی داگیرکەران دەدات، لێرەوە بە گەرمی دەستخۆشی لەسەرجەم ئەو کەمپین و گروپ و دەستە و لایەنانە دەکەین کە لە ناوخۆ و پارچەکانی تری کوردستان و دەرەوەی وڵات بە چالاکی مەدەنی و شارستانیانە بەشدارن لە پاراستنی پیرۆزی و سەروەریەکانی خاکی کوردستان و بەگژداچونەوەی پیلانی وەحشی گەرانەی داگیرکەرانی کوردستان، لە هەمان کاتدا بەگەرمی بەخێرهاتنی شاندی (دایکانی ئاشتی – قەڵغانی زیندوو) دەکەین، ماندونەبونیان لێدەکەین کە زۆر بەجوامێرانە بە هەزاران میلیان بەپێ بڕیوە سەرەڕای هەموو ئاستەنگیەکان، روداوەکانی رۆژانی رابردوو پیشانیانداین کە چەندین حاڵەتی پێشێلکاری و سانسۆر و ئاستەنگی دروست کردن لەبەردەم چالاکوانان و گەنجان و خەڵکانی خۆپیشاندەر هەیە، ئێمە وەك کەمپین سەرجەم ئەو هەوڵانە مەحکوم و شەرمەزار دەکەین، لەهەمان کاتدا هەڵوێستی دوو روانە و بەرژەوەندیخوازانەی (ئەمریکا) شەرمەزار دەکەین کە پێیانوایە (تورکیا) مافی خۆیەتی ئەو هێرشانە ئەنجامبدات، لێرەوە بانگهێشتی سەرجەم پارت و لایەنە سیاسیەکان (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن)، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نوسەران و رۆشنبیران، سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان دەکەین پشتیوانی لەم کەمپینە بکەن و بەشداربن لەگەڵماندا و ببنە بەشێك لە کەمپین و کارو چالاکیەکانی. بەڕێزان لێرەوە هەموان ئاگادار دەکەینەوە کەمپینی پشتیوانی قەندیل، دژی هێرشی داگیرکەرانی کوردستانە و لەگەڵ چارەسەری دیموکراتیانە و ئاشتیانەی کێشەی گەلەکەمانە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئێمە پێمانوایە مەبەستی ئەو هێرشانە تەنها دژ بە هێزەکانی (پەکەکە و پژاك) نییە، بەڵکو هێرشە بۆ سەر خاك و ئاوو ئاسمان و هەموو گەلی کورد و بۆ تێکدانی ئەم ئەزمونە و سەرجەم دەستکەوتەکانی گەلی کوردە، ئەم کەمپینە کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هێز و تواناکانی نێو کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم پیلانە هەمەلایەنەی کە دژ بە دۆزی رەوای گەلەکەمان لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، کەمپینی پشتیوانی قەندیل کاردەکات بۆ رێگرتن لە دووبارە بونەوەی شەڕی کورد دژ بە کورد، لەنێوان هێز و لایەنە کوردستانیەکاندا، ئەم کەمپینە پێیوایە کە نابێت چیدی کێشە ناوخۆییەکان ببێتە رێگر لە یەك سەنگەری گەلی کورد، لەبەر ئەوەی ئەم هێرشە دوژمنکارییە دژ بە سەرجەم گەلی کوردە، داوا لە هەموو لایەك دەکەین کە نەکەونە داوی پیلانی دوژمنانەوە و لە ئاستی بەرپرسیارێتیدابن بەرامبەر دۆزی رەوای

گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستاندا، لەهەمان کاتدا داوا لە رۆشنبیران و نوسەرانی گەلەکەمان دەکەین، جەماوەر و دەسەڵات و لایەنە سیاسیەکان لە مەترسی ئەم هێرش و پەلاماردانە وەحشی گەرییەی داگیرکەران هۆشیار بەکەنەوە و لایەنە شاراوەکانی بخەنە روو، کەمپینی پشتیوانی قەندیل لە ژمارەیەك کەسایەتی سەربەخۆ و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەنوس پێکهاتووە، لەرێی چالاکی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی هەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە بەیانمان کردووە.

**لەگەڵ رێزماندا**

**کەمپینی پشتیوانی قەندیل**

**سلێمانی**30/8/2011 -

**بۆ زانیاری زیاتر:٠٧٧٠١٥٦٦٩٩٩ — ٠٧٧٠١٤٣٧٤٥٥**